International Commission on Missing Persons

# لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن (ICMP)

## بەرنامەی عێراق

## کورتەیەک

له عێراقدا نزیکەی 250،000 بۆ یەک ملیۆن کەسی بێسەرووشوێن هەیە بەهۆی دەیان ساڵ ئاڵۆزی و شەڕ و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤەوە. سەرەڕای ئەوەی عێراق هەموو هەنگاوە کاریگەرەکانی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ونبووەکان لە ڕێگای یاسا و دامەزراندنی دەزگا و هەروەها دامەزراندنی یاسای گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ئیمزا کردنی پەیمانامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەموو کەس لە ونبوونی زۆرە ملێ (CPPED)، بەڵام ئەم هەوڵانە توشی بەربەستی توند بوونەوە بەهۆی ناسەقامگیری بەردەوام و درێژخایەن و نەبوونی توانا بۆ مامەڵي کردن بە شێوەیەکی گونجاو کە ئەمەش دەبێتە بەربەست بەرامبەر هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی میراتی توندوتیژی و بەردەوامی زوڵم و ستەمکاری، بەتایبەتی کاتێک کیشەکانی مافی مرۆڤ بەردەوام لە گەشەسەندندایە.

## بەرنامەی کار

لیژنەی نێودەرڵەتی بۆ کەسانی بێ سەرووشوێن لەساڵی ٢٠١٣ ەوە لە عێراقدا کاردەکات و نوسینگەکانی لەساڵی ٢٠٠٨ کراوەن. لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن بەشداری کردووە و هەروەها هۆکار بووە لە بەرەوپێشبردنی یاسای گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ساڵی (٢٠٠٦)، کە لە ساڵی (٢٠١٥) دا دەستکاری کرا و گۆڕدرا بۆ یاسای کاروباری گۆڕەبەکۆمەڵەکان کە ئەو وونبوانە لە خۆ دەگرێت بە هۆی کارە نامرۆڤایەتیەکانی داعشەوە بێسەروشوێن بوون. پرۆگرامی لیژنەی نێودەوڵەتی پێک دێت لە پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی و پاڵپشتی کردنی هەموو هەوڵەکان بۆ چەسپاندنی یاسا لە پێناو گەیشتن بە میکانیزمە یاساییەکان بە شێوەیەکی دیارو تەواو وە هەروەها لێپرسینەوە لە لایەنی پەیوەندیدار. لەساڵی ٢٠١٤ لیژنەی نێودەوڵەتی لەگەڵ پسپۆڕەکانی یاسا لە عێراقدا پێکەوە کارێکیان پێشکەش کرد سەبارەت بەو بەربەستە یاساییانەی کە دەبێتە هۆی بەکار نەهێنانی بەڵگەکانی پزیشکی دادوەری و بەڵگەکانی تر لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان لە عێراقدا.

لەساڵی ٢٠١٢ لیژەنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن پەیماننامەیەکی لێک تێگەیشتنی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقدا ئیمزا کرد کە پەیوەندیان هەیە بە کارەکەوە لە پێناو دانانی یاساو ڕیسای گونجاو بۆ لێکۆڵینەوەکان و هەماهەنگییەکی زیاتر لە نێوان هەردوولا. لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن ڕاهێنانی بە زیاتر لە ٥٠٠ کەس کردووە لە بوارە جیاوازەکانی پەیوەست بە گۆڕەبە کۆمەڵەکانی وەکو دەرهێنانی لاشە و کاری هەڵکەندن، بەڕێوبردنی شوێنی تاوان و هەموو تاقیکردنەوەکانی پەیوەست بە ترشی بۆماوەیی. لە نێو ڕاهێنراواندا ئەندامانی پزیشکی دادوەری لە بەڕێوبەرایەتی پزیشکی دادوەری سەر بە وەزارەتی تەندروستی (زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی شەرعییەکان و شێکەرەوانی ترشی بۆ ماوەیی) وئەندامانی دەزگای شەهێدان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان و کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە.

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن پێشکەوتووترین هاوکاری تەکنیکی و تەکنەلۆژیای سیستەمی زانیاری کە لە دیاری کردنی ناسنامەی کەسانی ونبوو دا بەکاردێنێت، پێشکەش دەکات؛ هەروەها یارمەتی عێراق داوە لە تاقیکردنەوەکانی ترشی بۆماوەیی. لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوین کار لەگەڵ تەواوی وەزارەتەکان دا دەکات لەسەرانسەری عێراقدا کە پەیوەندیان بە کەسانی بێسەرووشوێنەوە هەیە بۆ ئەنجامدانی سیستەمێکی داتای گشتی بۆ کۆکردنەوەو و چارەسەرکردن و گۆڕینەوەی زانیارییەکانی کەسانی بێسەرووشوێن ، وە بەرەو پێش بردنی ڕێساکانی پاراستنی زانیارییەکان لە ڕێگای دەستکاری کردنی یاسا نێوخۆییەکان.

لە ساڵی ٢٠١٥ لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ بەغداد و هەولێردا ئەنجامدا بۆ دیاری کردنی پێشەنگی کارەکان بۆ بەردەوام بوون وە لە کۆبونەوەکەدا کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێکی فراوان لە بڕیار بە دەستانی یەکێتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بڕیار سەبارەت بە کۆمەڵیک بابەتی گرنگ لە نێوانیاندا دانانی نەخشە ڕێگایەکی جێگیر بۆ کارە چەق بەستووەکانی کێشەی کەسانی بێسەروشوێن، وە دامەزراندنی ناوەندێکی گشتی بۆ گەڕان بە دوای بێسەروشوینەکاندا بێ گرنکی دان بە بنچینەیان و هۆکاری ونبوونیان؛ وە گرنگی دان بە رۆڵی دادگا و دامەزراندنی سیستەمێکی زانیاری ناوەندی و ئاشکرا بۆ کەسانی بێسەرووشوێن و دانانی یاسای پێویست بە پێ ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی (CPPED)؛ وە گرنگی دانی زیاتر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خێزانی کەسە بێ سەروشوێنەکان، وە هەروەها لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن چەند کۆبونەوەیەکیان بۆ چاودێری کردنی کارەکان ئەنجامدا و کۆبونەوەی گروپی کارەکان لە بەغداد و هەولێر لەساڵی ٢٠١٧ دا. وە هەروەها هەوڵە بەردەوامەکان بۆ تازە کردنەوەی یاساکانی جێبەجێکردن لە سنووری ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی هەموو کەسەک لە ونبوونی زۆرە ملێ (CPPED).

ICMP.GR.IRQ.040.1.kurd.doc

لاهاي, ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێ سەروشوێن هەڵدەستێت بە دابینکردنی پرۆگرامی بودجە بچوکەکان بۆ زیادکردنی بەشداریکردنی لە کاری دەست نیشانکردنی بێسەرووشوێنان. لە هەمان کاتدا لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوین بەردەوامە لە دروستکردنی سیستەمی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زانیاری لە نێو وەزارەتەکان و بەشە پەیوەندیدارەکان دا وەکو بەڕێوبەرێتیەکانی (پزیشکی دادوەری) و دوزینەوەی ڕێگەچارە بۆ پێش خستن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە ڕێگەی دامەزراندنی سەنتەری دیاریکردنی بێسەروشوێنان کە ناوەندەکەی بەغداد بێت.

## ئامانجی پرۆگرامەکە

- یارمەتیدانی دەسەڵاتدارانی عێراق لە دانان و جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگەیەکی نیشتیمانی کە جێ ی متمانە بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەسانی بێسەروشوێن و هەروەها وەڵام دانەوەی بەپەلە دەربارەی ئەوکەسانەی کە بە هۆی داعشەوە بێسەرووشوێن بوون.
- دانان و گەشەپێکردنی شێوەکانی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێسەرووشوێنان بە لێهاتووی و کرداری.
- بەهێز کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خێزانی کەسە بێسەروشوێنەکان بەشێوەیەک کە بەشداربن لە پێشکەشکردنی زانیاری لەکاتی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریە بۆ ماوەییەکان و هەستان بە ڕۆڵی چالاک و بە کردار و دڵنیا بوون لەوەی کە حکومەت و دەسەڵات لە هەموو ئاستێکدا پارێزەری مافەکانیانە.
- باشتر کردنی هاوکاری و لێک تێگەیشتن لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتدا لە چارەسەرکردنی کێشەی کەسانی بێسەرووشوێندا.
- هاوکاری کردنی دەسەڵات لە ئەنجامدانی کاری باوەڕ پێکرا و ئاشکرا لە دیاریکردنی شوێنی کەسانی بێسەرووشوێن وە بەدەست هێنانەوەی گۆڕەکانیان و پاراستنی بەڵگە پێویستەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانباران.
- فەراهەمکردنی ڕاهێنان و زانیاری پێویست بۆ بەهێز کردنی پلانی کارو هەماهەنگی، بەتایبەتی لەئاستی پارێزگاکاندا و پەروەدان بە توانا تەکنیکیەکان.
- یارمەتیدانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێکاری کاریگەر لە ناسینەوەی کەسانی بێسەروشوێن بە شێوەیەکی زانستی و هەروەها سیستەمێکی داتای ناوەندی بۆ تاقیکردنەوەی ترشە بۆماوەییەکان و دامەزراندنی سیستەمێکی زانیاری هاوبەش.
- هاوکاری کردن لە دامەزراندنی ناوەندێکی تۆمار بۆ کەسە بێسەرووشوێنەکان بە بەکارهێنانی سیستەمی بەڕێوبردنی دیاریکردنی ناسنامەی بێسەروشوێنان (iDMS)ی تایبەت بە لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێنان و ناوەندی ڕاوێژکردنی ئەلەکترۆنی (OIC)، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو خێزانەکان داواکاری پێشکەش بکەن بۆ بێسەروشوێن بوونی کەسەکانیان.
- یارمەتیدانی دامەزراوە عێراقیەکان لە چارەسەرکردنی زانیارییە کەسییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری پاراستن وڕێکاری پێویست لە پێناو ڕێکخستنەوەی کاری پاراستنی زانیارییەکان؛ بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها ئەو پێوەرانەی کە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی (CPPED) دا هەیە کە عێراق لەساڵی ٢٠١٠دا ئیمزای کردووە.

## دەربارەی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن لیژنەیەکی نێودەوڵەتییە لەسەر بنەمای پەیمانامەی نێودەوڵەتی دروست بووە کە بنکەکەی لە لاهایە لە ووڵاتی هۆڵەندا. وە کاری سەرەکی بریتیە لە پاراستنی هاوکاری لە نێوان حکومەتەکان و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن لە دیاریکردنی شوێنی ونبووەکان و دیاری کردنی ناسنامەکانیان کە بەهۆی شەڕو ئاڵوزی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و کارەساتە سروشتیەکان و تاوانە پلان بۆ دانراوەکان و کۆچکردنی نایاسایی و هۆکاری ترەوە بێسەروشوێن بوون. وە هەروەها تاکە لیژنەی نێودەوڵەتیە کە تایبەتە بە کارکردن لەسەر کەیسی بێسەروشوێنان.

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن بەخشندانە بودجەی بۆ تەرخانکراوە لە لایەن یەکێتی ئەوروپا، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، ئەڵمانیا، و شانشینی یەکگرتوو.

بۆ پەیوەندی: icmp@icmp.int

ICMP.GR.IRQ.040.1.kurd.doc
لاهای, ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨